كە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی

بەشی دووەم و کۆتایی

ڕووناکبیرانی کورد

لە مێژووی تازەی سیاسی و فکریی کوردستاندا کۆمەڵێ ڕووناکبیر هەن کە بەڕاستی شایانی ئەوەن خۆیان و ژیان و بەرهەم و ئەزموونەکانیان بکرێنە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی

بیستەمدا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە چواریان، بۆ من، تا ئەو ڕادەیە سەرنجڕاکێشن کە هەمیشە پێم خۆش بووە لە ڕچەی ژیان و بیر و کرداریان ورد ببمەوە و لە چوارچێوەیەکی عەقڵانیدا بیانخوێنمەوە. ئەو چوارە ئەم مامۆستایانەن: ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠)، عەلائەددین سەججادی (١٩١٦؟-١٩٨٤)، ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠١) و مەسعوود محەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢). سێ لەمانە، چ ئەو سەردەمەی خۆیان ژیاون و چ دواتریش، لەو جۆرە کەسانە بوون کە بە ئینگلیزی پێیان دەگوترێت (Controversial)و من بە کوردی وشەی (دەمەتەقێهەڵسێن)ی بۆ بە کار دەهێنم. دیارە ئەوەیش دەزانم کە وشە کوردییەکە تا ڕادەیەکی زۆریش لە جوانی و ئاهەنگ بێبەشە، بێجگە لەوەیش کە ڕێک بەرانبەر وشە ئینگلیزییەکە ناوەستێتەوە. سەججادی، بە پێچەوانەی سێیەکەی دیکەوە، کەسێکی "کۆنترۆڤێرشیەڵ" نەبوو. هۆیەکەیشی ڕوون و ئاشکرایە؛ چونکە سەججادی تێکەڵی سیاسەت نەدەبوو، یا ڕەنگە ڕاستتر ئەوە بێت بڵێم ڕاستەوخۆ تێکەڵ نەدەبوو.

لایەنێکی یەکجار ناوکۆ و هاوبەشی ئەم چوار پیاوە ئەوەیە کە کەسانێکی پڕ لە وزە بوون، بەو مەعنایەی کە هەر زوو کەوتنە ناو ڕووداوەکانی ژیانەوە و بە وزە و ویستێکی نائاسایی و پتەوەوە کاریان کردووە، بەڕەمیان پێشکەش کردووە و هەڵوێستیان هەبووە و لە دروستکردنی نەخشەی فکری و فەرهەنگی و سیاسیدا دەستیان هەبووە. ڕۆڵی ئەوان هەر ئەوە نەبووە کە بەشێک بن لە ڕووداوەکان و سواری شەپۆلی ڕۆژگار بووبێتن، بەڵکە زۆرجار وەک پێشەنگ و وەک کەسانێکی داهێنەر و بڕیاربەدەست بیریان کردووەتەوە، ژیاون و بەشداریان کردووە.

جێگەی داخە کە مامۆستایان سەججادی و ئیبراهیم ئەحمەد، هێندەی من ئاگادار بم، ئەزموونی خۆیانیان بە شێوەیەکی نووسراو بۆ بە جێ نەهێشتووین. بەڵام دیسانیش دەکرێ بە لێکۆڵینەوەیەکی جیددی و زانستییانە ئەزموونی ئەوان بە جۆرێک دابڕێژرێتەوە کە ببێتە بەشێکی بەنرخی گەنجینەی فکر و فەرهەنگی کورد.

ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا زۆر داهێنەرانە سەردەمێکی گرنگ و بنەڕەتانەی مێژووی کوردی خۆیانیان بە شێوەیەکی نووسراو بۆ بە جێ نەهێشتووین. بەڵام دیسانیش دەکرێ بە لێکۆڵینەوەیەکی جیددی و زانستییانە ئەزموونی ئەوان بە جۆرێک دابڕێژرێتەوە کە ببێتە بەشێکی بەنرخی گەنجینەی فکر و فەرهەنگی کورد.

ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا زۆر داهێنەرانە سەردەمێکی گرنگ و بنەڕەتانەی مێژووی کوردی سەججادی و ئیبراهیم ئەحمەد، هێندەی من ئاگادار بم، ئەزموونی

تۆمار کردووە: سەردەمی حوکمڕانیی شێخ مەحموودی حەفید. حیلمی لەگەڵ ئەو هەموو دڵسۆزییەیدا بۆ مەسەلەی نەتەوەکەی و لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستییەی بەرانبەر شێخ مەحموود هەیبووە، هەرگیز لەوە نەپرینگاوەتەوە کە ڕاستییەکان وەک خۆیان بنووسێتەوە و ڕەخنەگرانە بڕوانێتە مێژوو. ئەم خوێندنەوە ڕەخنەگرانەیەی ڕەفیق حیلمی، بێجگە لەوەی نرخێکی بااڵتر و زانستییانەتر دەداتە کارەکەی، دەکرێ وەک سەرمەشقێکی فکری و میتۆدۆلۆگی و فەرهەنگییش چاوی لێ بکرێت، کە بۆ ئەمڕۆی ڕووناکبیری کورد نموونەیەکی بەرز و شایانی ڕێزە.

جمهوریەتی بێ جمهور

ئایا تورک نیشتیمانەکەی خۆیان خۆش دەوێ؟

نوسینی: ئەحمەد ئاڵتان
وەرگێڕانی لە تورکیەوە:
هۆشیار ئەحمەد



با بڵێین لەم وڵاتەدا هیچ کەسێک ڕاستیەکان ناشکرا ناکات و کەسیش ڕەخنەیان لێناگرێ، مەسەلەکان چۆن هاتوون باهەرواش بڕۆن، بەڵام شاردنەوەی ئەم ڕاستیە زۆر ئەستەم و گران دەکەوێ لەسەر تورک، کە لەماوەی ئەم ٢٥ساڵەدا ٥٠هەزار منداڵی کورد کۆژران و ٣٠لاوی تورکیش لەبەرکانی شەڕدا گیانیان لەدەست داوە و، هەزاران ملیارد دۆلار بۆ تۆپ و تانک و فڕۆکە و فیشەک بە فیڕۆ دراوە، بڕێکی چاک لە م پارەیەش چۆتە گیرفانی سەوداکارانی (کۆمسیۆنێرەکان)ی پەیداکردنی کڕینی چەک و تەقەمەنیەوە. ئەم هەموو بە فیڕۆدانی داهاتە تەنها بۆ ئەوەی نەهێڵن منداڵی کورد بەزمانی دایکیان بدوێن و بخوێنن..!شەڕی لاکۆڵانەکان ڕووياندا و پۆلیسیش دەستی نەپاراست و ڕەشەکوژی کرد.. کچە لەچک پۆشەکان لە دەرگای زانکۆکان دەست نرا بەڕووياندا و هەستیان بریندارکرا.. یاساکانی وڵاتیش بەئاڕەزووی دەسەاڵتداران هەموارکرا کە هەرەشەی داخستنی پارتەکانی تری لێ بکەن. دەستەی چەتەگەری لەناو دەوڵەتدا دروست بوو دەوڵەتەکەتان پتر بەرەو قولایی دەوڵەتی قوول بەکێش کرد، ئەو نوسەرانەی هەڵگری پاداشتی نۆبڵ بوون شار بەدەرکران و لەم وڵاتەدا جێگەیان نەکرایەوە، ڕۆژنامەنوسانی ئەرمەنی وەکو(هرانت دینک) لە ناو کۆاڵنەکان کوژران و پۆلیسیش وێنەی یادگاری لەگەڵ بکوژەکانیاندا دەگرێت. بۆمبایان لەبەردەم زانکۆکاندا چاندو.. چونکە کۆمەڵکوژی.. هەندێ جار پێویستە... ژیانتان لەئاستی دواکەوتووترین و هەژارترین وڵاتانی ئەوروپادایە و هێشتا دەڵێن ئای چەند بەختەوەرین، بەختەوەرتان دەکات.

ئەم نیشتیمانەی ئێوە ٢٥ساڵی دیش بەڕێوەدەچێ، بەڵام ئافەرین بۆ ئێوە هێشتا خۆشتان دەوێ.. من پێموایە ئێوە بۆ تاکە چرکەیەکیش پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەم نیشتیمانەتان ناوێ...! ناشتانەوێ دەوڵەمەند و سەربەخۆ بێت منیش دەڵێم ئەوە خۆشەویستی نیشتیمانە لای ئێوە. لەم نیشتیمانە خۆشەویستەتاندا ئەوەی کاری نەشیاوە بە مرۆڤەکانی دەکرێت لە نایەکسانی و ناعەدالەتی و ئازار و ئەشکەنجەدان و کۆمەڵکوژی...! یان لای ئێوە دڵسۆزی خۆشەویستی نیشتیمان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە نەفرەت لە کورد و سووکایەتی بە پیاوە ئایینیەکان بکەن و پاڵپشتی سوپابن بۆ لەناوبردنیان. ئەوەی لەم وڵاتەشدا لە ئێوە نەچێ بەرتانەی ئێوە دەکەوێ، ئێوە بەو پێیە دەبێ دەستبەرداری زۆر شوێنی ئەو نیشتیمانە خۆشەویستەتان بن، چونکە ئەو نەفرەت لێکراوانەی لێ دەژین، کەواتا دەبێ بەشێکی زۆری ئەم نیشتیمانە نەبینن و جگە لەوەش لە (شارە چاوڕەش)ەکانی خۆشتاندا نابێ بچنە هەندێ گەڕەکی نەفرەتلێکراونشینەکان، چونکە ئەو شوێنانە سیخناخن لەو خەڵکانەی کە ئێوە بە بینینیان وەڕس دەبن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەر شوێنێ کورد و سەرپۆش لەسەری لێ بوو... ئەوە بۆ ئێوە قەدەغەیە!..

لەبیریشتان نەچێ نابێ بچنە سەردانی قەاڵ کۆنەکەشتان (چانکایە) لەبەر ئەوەی لەوێ خانمێکی موسڵمانی سەرپۆش لەسەری تێدا دەژی.! ئیتر دەبێ (chp)و جەنراڵەکان چوونە کۆشکی چانکایە لە بیری خۆیان بەرنەوە، ئەی گوایە چانکایە بەشێکی ئەم نیشتیمانە خۆشەویستەتان نیە؟ کەواتا هەر شوێنێک بەئارەزووی خۆتان نەچنێ ئەوە نیشتیمانی ئێوە نیە... بۆ هەر شوێنێکیش بە زۆرەملێ پەلکێش کران وەک سەرباز و پۆلیس ئەوێش وڵاتی ئێوە نیە.

لە ٢٥ساڵی ڕابووردودا ٥٠هەزار کوردتان کوشت و دەیان بنکەی سەربازیتان بەدەستی خۆتان وێرانکرد و چەپڵەتان بۆ چەتەکانی ئەم وڵاتە لێدا ژیربێژیتان لە پلاندانانی لەجیهاندا بێتوێنەیە. کۆماریکتان دامەزراندووە کە لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە لە ترسی تیاچوونی دەژی، ئەو کۆمارەی کە خەڵکەکەی چی دێت، سوڵتانەکانی سەردەمی خەاڵفەتیش دامەزراندنی کۆماریکی وەک ئەمەی ئێوەیان بۆ نەچوتە سەرو نەڕەخساوە و ئەمەی ئێوە زۆر تایبەتیە بەدڵی خۆتان بۆ خۆتان دامەزراندووە.. پیرۆزبایيتان پێدەڵێم ئەی جمهوریەتی بێ جمهور!.

*شارە چاوڕەشەکان: مەبەست ئەو شارانەیە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی تورکن.

*جمهوریەتی بێ جمهور: وەکو قوتووە ڕەشەکەی ناو فڕۆکە وایە کەوتۆتە ئاوەوە بەئاسانی لە نهێنیەکانی تێناگەن..

ئەم کۆمارە بەناو نوێیەی کە مستەفا کەمال دایمەزراندووە تەنها بەهەشتێکە بۆ کەمایەتیەکی کەمی پاشا کەمالیستەکان، نەک خەڵکە ڕەشوڕووتەکەی.

دکتۆر ئەحمەد ئاڵتان یەکێکە لە ڕووناکبیرە ناودارەکانی تورکیا و ڕەخنەگرێکی سەرسەختی ڕژێمە ئۆتالیتێرەکەی پاشا کەمالیستەکانە و ، داکۆکیکارێکی ڕاستگۆ و بە ئەمەکە بەرانبەر بە پیشەکەی وەک نوسەرو ڕۆژنامەنووس. سەبارەت بەمەسەلەی کوردیش بێشکچی ئاسایە و بەشێکی زۆری نوسینەکانی لەسەر دۆزی کوردن، کە ڕۆژانە و هەفتانە لە ڕۆژنامەکانی(Gazetem)و(Tarafgazetesi) بڵاودەکاتەوە. ئەم ڕۆژنامەنوسە مرۆڤدۆستە لەبەر ئەوەی لە تورکیادا باسی ڕاستی ڕوداوەکان دەکات، پەردە لەسەر کارە ژێربەژێرو نهێنیەکانی کۆماری قۆڵ هەڵدەماڵێ تۆشی لێپرسینەوەی دادگاکان دەبێتەوە لەسەر نوسین و ڕونکردنەوەکانی بەتایبەتی ئەو وتارانەی کە دەربارەی سەربازگەی داغلیجە و ئاکتوتن بڵاوی کردنەوە.

لە ٢٥ساڵی ڕابووردودا ٥٠هەزار کوردتان کوشت و چەپڵەتان بۆ چەتەکانی ئەم وڵاتە لێدا

خەیاڵ بەننا

لەکتێبەوە..

خەون..

ڕاستیەکانی ژیان

یەکەم ڕاستی کە ئەبێت بیزانیت ئەوەیە کە خەون کردەوەیەکی ڕێکەوت و بەبێ مانا نیە بەڵکو کەم یان زۆر ئەخرێتە خانەی مێشکەوە. لێکدانەوەی خەون یاری منااڵن نیە بەڵکو ئەرکێکی مەنتقی و زۆر جوان پێویستە هەر خەوێک تەعبیری خەوەکەی بۆ دابنێن. لەرابردوودا کۆمەاڵیکی زۆر لەو بروایەدا بوون کە بەلێکدانەوەی خەون ئەتوانرێ پێشبینی ئایندە بکرێ.. کۆمەاڵیکیش ڕایان وابوو کە زۆر لەمرۆڤەکان لەکاتی خەودا دەبنە خاوەنی هێزێکی زۆر بەرز لەبەر ئەوەی کە ئەتوانن بچنە ئەو دونیا و پەیامێک بۆ ئەم دونیا بهێنەوە، بەوەش کە زۆر جار پەیوەندی لەتەک مردووەکاندا ئەبەستن لەخەوندا.. تاکو دواتر زانا و پزیشکەکان لێکدانەوەی خەویان کرد بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی دەروونی بەسوودیان زانی، ئەمڕۆش پزیشکە دەروونیەکان بەئاشکرا ئەڵێن((خەونەکانت بڵێ تا هۆی گیروگرفتەکانت بۆ ڕوون بکەمەوە)).. بەڵێ خەون لەرووی زانستی دەروونیەوە تەواو گرنگە...

خەو لەڕاستیدا ئاوێنەیە هەموو سوچ و قوژبنێکی ژیانی خەوەکە نیشان ئەدات کە تا ئەندازەیەکی زۆر ئارەزوەکان و ترسەکان و عەشقەکان و دوژمنایەتی ئاشکراو پەنهانەکانمان ڕوون ئەکاتەوە و قوواڵترین و شاراوەترین ئیحساسی ئێمە ئاشکرا ئەکات، چونکە لەکاتی خەودا ((منی حەقیقی))، لەقووااڵیی ئۆقیانووسی مێشکدا دێمە قەراغی ئۆقیانووسی ((منی شاراوەی)). ئێمە ئازاد دەبین و فرسەتی ئەوەمان پێ ئەدات کە ئەو ئارەزووانەی لەکاتی بەخەبەر بوونداً هەمانەو نەهاتوونەتە دی جێ بەجێیان بکەین.

گومان لەوەدا نیە کە زۆربەی خەونەکانمان، ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی ئێمەیە کەبەشێکیان پر بە ئیحساس لەناخ و مێشکیماندان و بەشێکیان شاراوەن بێ ئەوەی خۆشمان درکمان پێ کردبێ.

یەکەمین کاری خەون ئەوەیە کە ئەو ئارەزووانەی پێی نەگەیشتوون بۆمان جێ بەجێ ئەکات، دووهەمین ئەسەری خەون ئەوەیە ئەوەی نەهی لێکراوە بۆمان فەراهەم ئەکات، ئەرکی سێهەمی خەون ئەوەیە کە سۆزی کۆکراوەی مێشک ئازاد دەکات، چونکە داب و نەریتی کۆمەڵگە ڕێگا نادات ئەم کردارانە لەڕۆژدا گەشە بسێنێت، چوارەمین ئەرکی خەون گەرانەوەمانە بۆ جیهانی پر لەجوانی منااڵی..

((ڕەنگە ڕووی دابی کە لەخەوندا هاوار ئەکەین، بەشەر دێین لەتەک کەسێکدا، کە دەاڵلەتە بۆ بوونی رق و تۆاڵسەندنەوە و تووڕەییەکی پەنهان لەناخماندا.. یان تەمەنناماں کردووە لەکارێکدا سەرکەوتووبین، کەسێک خۆشی بوێین، باغچەیەک دروست بکەین، چەندین جار بە خەیال بەرنامەمان بۆ داناوە کەچی لەکاتی نائاگایی (خەوتن) دا بەراستی لەوەدابووین کەویستوومانە)).

هەموومان خەون ئەبینین؟ وەک چۆن هیچ کەسێ ناتوانێ بەبێ هەناسەدان بژی، کەسیش بەبێ خەو بینین ناتوانێ بەبەردەوامی بخەوێت هەندێ کەس خەونەکانیان دێننەوە یادو هەندێکیش لەبیری خۆیانی ئەبەنەوە.

هۆی ئەوەی کەزۆر کەس ئەڵێن ((من هەرگیز خەو نابینم))، تەنها بیرچوونەوەی خەونەکانە، باشترین ڕێگا بۆ بیرهێناوەی خەونەکانمان یاداشت کردنیانە بەکەمترین ماوە دوای بە ئاگاهاتنەوە، ڕەنگە بپرسی گرنگی ئەمە چیە؟ چونکە بەزانین و لێکدانەوەی خەونەکانمان ئەتوانین چاکتر پەی بە هۆ شاراوەکانی ناخمان ببەین کە ژیانمانی تاڵ کردووە و لەڕێگەی تەعبیرکردنیانەوە هەوڵ بدەین ئەنجامێک وەربگرین، کاتێ هەندێ زانیاری پێویستمان بەدەست هێنا، ڕێگا چارەسەر وردە وردە دەرئەکەوێ...

(بەئارامی و بێ دڵەڕاوکێ بڕۆرە ناو دنیای خەیاڵەکان و خەونەکانتەوە، ئەوەی بەدەستی دەهێنیت وەک گەنجینەیەک بیپارێزە و سودی لێ وەربگرە))

سوود وەرگیراوە لە:
دەروونزانی و ڕەهتار/ فرانگ.س. کاپریز